وانەی 46
1. نوێژ و نزا: پێشڕەوی گروپ، نوێژ و نزا بکەو قوتابی دروستکردن بەگروپەکەت ڕاسپێرە
2. بەشداری 20خولەك " ئەیوب "
هەوڵبدەن ئەوە شیبکەنەوە کەفێری بوون لەئەنجامی تەرخانکردنی کات بۆ خوێندنەوەی ئەو بەشە دیاریکراوەی ئینجیل " ئەیوب 38، 39، 40، 41، 42 " گوێ بگرن بۆ ئەوکەسەی قسەدەکات و بەجدی وەریبگرن .
3. ئەزبەرکردن 20 خولەك
قوتابی دروستکردن: " مەتا 28: 18 ـ 20 "
أ- بیرکردنەوەی قوڵ " مەتا 28: 16 ـ 20 " بخوێنەوە
ئەم ئایەتەی خوارەوە کەبۆ ئەزبەرکردنە لەسەر تەختە ڕەشێك یان تەختەیەکی سپی بنووسە بەم شێوەیە:

| |
|---|
| قوتابی دروستکردن " مەتتا 28 : 18 ـ 20 " |
| عیسا لێیان نزیكبۆوە و قسەی بۆ کردن: (هەموو دەسەڵاتێکم لە ئاسمان و لەسەر زەوی دراوەتێ. کەواتە بڕۆن، هەموو نەتەوەکان بکەنە قوتابی، بە ناوی باوك و کوڕ و ڕۆحی پیرۆز لەئاویانهەڵبکێشن، فێریان بکەن هەموو ئەوەی فەرمانم پێ کردوون بیپارێزن. ئەوەتا من هەموو ڕۆژێك لەگەڵتانم، تاکو کۆتایی زەمانە.) |

سەرچاوەی ئینجیل بنووسە لەپشتەوەی کارتەکەت
1. بانگێشەی گەورە: " مەتا28: 18 "
عیسای مەسیح بانگێشەیەکی گەورە دەکات ئەویش ئەوەیە کە لەدوای مردن و زیندوو بوونەوەی خودای باوك هەموو دەسەڵاتێکی پێ بەخشیوە نەك تەنها لەبەهەشت، بەڵکو لەسەر زەویش.
أ- بەدی هاتنی پێش بینیەکان: ئەوە بەدی هاتنی پێشبینیەکی پەیمانی کۆن بوو " دانیال 7: 13 ـ 14 " 13لە بینینی شەودا تەماشام دەکرد و ئەوەتا لەگەڵ هەورەکانی ئاسماندا یەکێك وەك ڕۆڵەی مرۆڤ بوو هات، بۆ لای دێرینی ڕۆژان هات و بردیانە بەردەمی. 14جا دەسەڵات و شکۆ و پاشایەتی پێدرا تا هەموو گەلان و میللەتان و زمانەکان خزمەتی بکەن. دەسەڵاتەکەی دەسەڵاتێکی هەتاهەتاییە و لەناوناچێت، پاشایەتییەکەی بنبڕ نابێت.) "
عیسا پێشبینی کرد " مەتا 16: 28 " 28 ڕاستیتان پێ دەڵێم: هەندێك لەوانەی لێرەدا ڕاوەستاون، تامی مردن ناکەن تا ڕۆڵەی مرۆڤ نەبینن بە پاشایەتیەکەیەوە دێتەوە.) "
ب- دەسەڵاتی پێش و دوای مردنی و زیندوو بونەوە.
نامیلکەی سێ وانەی 30 پرسیاری یەك ببینە " مەتا 28: 18 " " ئایا زەمانێك هەبووە کە عیسا هەموو دەسەڵاتێکی نەبوو بێ؟ "
پێش مردن و زیندووبونەوەی عیسا دەسەڵاتێکی گەورەو بێ ژمار هەبووە خودای باوك هەموو شتێکی بەو سپاردووە " مەتا 11: 27 " نەخۆشی چاك دەکردەوە، خەڵکی فێدارو جنۆکەداری چاك دەکردەوە ئیفلیجی چاك دەکردەوە " مەتا 4: 24 " لەگەڵ ئەوەشدا ئەو هەموو ئەو دەسەڵاتەی هەبوو بەڵام دەبوایە بمردبایەو زیندوو بوبایەوە چەندان گەڕو گولو کوێری چاککردەوە " مەتا 8: 4، 9: 30 " ئەو هەمیشە دەیوت ئەوە هەموو دەسەڵاتی خودایەو خودا ئەو کارانە دەکات " یۆحەننا 6: 14 ـ 15 " ئەو چەندان جار سوکایەتی پێ دەکراو تف کرایە دەم و چاوی و بەقامچی لێی دراو هەتا کار گەیشتە ئەوەی هەتا لەخاچ درا " مەتا 26: 67، 27: 1 ـ 2، 26 ـ 31 " پێش مردن و زیندوبونەوەی عیسای مەسیح دەسەڵاتێکی بێ سنووری پراکتیزە نەدەکرد ئەمەش هەر بەشێوەیکی دەست ئەنقەستی خۆی بوو کەمەبەستی بوو " فلیپی 2: 6 ـ 8 " بەڵام دوای مردن و زیندوو بونەوەی و بەرزبونەوەی و چوونی بۆ پادشایەتی خودا دەستی کرد بەپراکتیزە کردنی دەسەڵاتی خۆی

کەدەسەڵاتێکی بێ سنووری هەبوو لەسەر زەوی و لەپادشایەتیدا هەمیشە بەردەوام بوو لەپیشاندانی پەرجوو ئامۆژگاری ئەویش لە ڕێگای پەیامبەرەکانی، مەسیح وای لەپەیامبەرەکان کردبوو کەزۆر ئازاو جەربەزە بوون لەبڵاو کردنەوەی پەند و ئامۆژگاریەکانی مەسیح لەهەر شوێنێك بێت بێ ترسان بەم شێوەیە بە هۆی بانگەوازی بۆئینجیل و پەند و ئامۆژگاریەکانی مەسیح توانی کەوا خەڵکی لەژێر سنووری دەسەڵاتی شەیتان دەربهێنێت و وە بیانهێتە ناو پادشایەتی خۆی " کۆلۆسی 1: 13 " هیچ شتێك ناتوانێت مەسیح ڕابگرێت تاوەکو هەموو ئەژنۆکان لەبەردەمی ئەودا دەنوشتێنەوە وە هەموو زمانەکان دان بەوە دەنێن کەوا مەسیح خوداوەندو ڕزگاکارە " فلیپی 2: 9 ـ 11، cf ئیشایا 45 ـ 23 "
ت – دەسەڵات وەکو پاداشتێك:
عیسای مەسیح ئەو دەسەڵاتە بێ سنوورەی وەکو پاداشتێك پێ درابوو لەبەرامبەر تەواو کردنی هەموو ئەوکارانەی کە لە ئەستۆی بوو لە وانە ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی " بینین 5: 5، فلیپی 2: 9 ـ 11، ئەفەسۆس 1: 19 ـ 23 " لەیەکەم هاتنی عیسادا دەسەڵات بەسەر هەموو جیهاندا دەکات و دەمێنێتەوە بەم شێوەیە " یۆحەننا 16: 23 " پەیام بەران و ئەوانەی کە پێشیان دەکەون دەبێت لەهەوڵی ئەوە دابن کەخەڵك زیاتر بهێننە ناو ئەو فەرمانڕەوایەو دان بنێن بە پادشایەتی مەسیح دا " بینین 17: 14، 19: 16 "
2. دەسەڵاتی مەزن و گەورە " مەتتا 28: 19 "
دەسەڵاتی مەزنی عیسای مەسیح وا دەکات کەجیهانێکی مەزن پڕ لەدادگەری دروست بکات " لەبەر ئەوە بڕۆن هەموو جیهان بکەنە قوتابی و فێریان بکەن وابکەن کە من ڕامسپاردوون، وە بەناوی باوك و ڕۆڵە و ڕۆحی پیرۆزەوە لەئاویان هەڵبکێشن "
أ- نابێت قوتابیەکانی عیسای مەسیح چاوەڕێی بکەن تاوەکو خەڵکی جیهان هەموو دێتەلایان، بەڵکو دەبێت هەنگاوی جدی بنێن و بچنەلای ئەوکەسانەو بۆیان ڕونبکەنەوە، لەهەموو شارێك لەهەموو وڵاتێك و لە هەموو شوێنێك. هەر لە سەرتای هاتنی ئینجیل ئەمە دەستی پێ کردووە و وە دەبێت بەردەوامیش بێت " پەیدابوون 12: 3 "
لەسەرەتاوە خودا هەموو خەڵکی خۆشویستووە بەوانەشەوە کە گوناە و تاوانیان کردووە " یۆحەننا 3: 16 " خودا هەموو ئەوانەی خۆشویستووە بێ بوونی جیاوازی لەڕەگەزو زمان نەتەوەو هیتد. بەم شێوەیە ئەو تاوانبارو گوناە کارانە بەر ئەو خۆشەویستی و بەزەییەی خودای گەورە کەوتوون " ڕۆما 17: 14، 1پەترۆس 1 ـ 2، 2تیمۆساوس 1: 9 ـ 10، 2: 19، 2تەسالۆنیکی 2: 13 ـ 14، ئەفەسۆس 1: 14، ڕۆما 8: 29 ـ 34، 9: 11 ـ 12، 11: 5 " ئێستا عیسای مەسیح داواکاریەکی خودای گەورەی بەجێ گەیاندو هێنایە دی کەسەبارەت بەڕزگار کردنی بوو بە هۆی مردن و زیندوو کردنەوەی خودا پلانی بۆ نامەی ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی دانا بە هۆی عیسای مەسیح کە فەرمانی پێکرا کەلەئیسرائیلەوە بچێتە هەموو شوێنەکان لەسەر زەوی " کردار 1: 8 " کەسەرەتا پەیامبەرەکان و پاشان مەسیحییەکان هەموویان بوونە گەیەنەری ئەو نامەیە بۆگشت جیهان
ب- دروستکردنی قوتابی لەهەموو نەتەوەیەك
ئەوە کرداری سەرەکی بوو لەو ڕاسپاردە گەورەیەی کەخودا بەمەسیحی سپاردووە، کردارەکانی تری وەکو: بڕۆن پیرۆزبکە، فێر بکە، پەیرەوی بکە: چەند بنەمایەکن کە پشت بەکرداری سەرەکی دەبەستن کەئەویش سپاردنی " دروستکردنی قوتابیە " قوتابی وەکو مەسیح لەدایك نەبوو بەڵکوو بووەتە پەڕەوکارێکی عیسای مەسیح. قوتابی کاتێك دروست دەکرێت کەخودا مەسیحییەکان ڕادەسپێرێت بۆ دروستکردنی قوتابی و گەیاندنی پەیامەکەی قوتابی واتا شوێنکەوتەی عیسای مەسیح کەفێری پەیڕەو کردنی فەرمانەکانی عیسای مەسیح دەبێت. قوتابی تایبەت مەندی دیاریکراوی هەیە کەعیسای بەووردی لە ئینجیلدا فێری کردووین " وانەی 23 نامیلکەی 2 " فەرمانەکە لێرەدا ئەوەیە کەقوتابی لەهەموو نەتەوەو زمانێك و ڕەگەزێك دروست بکرێت ئەمەش بە هۆی بانگەشەو خوێندنەوەی ئینجیل و پیرۆزکردن بەئاوو پەیرەو کردنەوە دەبێت.

ت- پیرۆزیان بکە بەناوی باوك و ڕۆڵەو ڕۆحی پیرۆز
فەرمانەکە بریتییە لەپیرۆزکردن بەئاو
عیسای مەسیح فەرمانی کردووە کەباوەڕداری تازە پیرۆز بکرێت بەئاو کاتێك خەڵك بەدڵسۆزیەوە باوەڕ بەعیسای مەسیح دەهێنن ئەوە مانای وایە لە دڵ و ژیانیاندا کردووەتە پێشەنگ و قبوڵیانکردووە پیشاندانی پیرۆز بوونە بە ڕۆحی پیرۆز " واتا دووبارە لەدایك بوونەوە " کردار 11: 14 ـ 18، 15: 7 ـ 9 " بیروباوەڕ لەناو دڵەکانیانداو هەروەها دان پیانانیان بەعیسای مەسیحدا مانای پەیڕەو کردنی مەسیحە کەواتا پیرۆز کردن بەڕۆحی پیرۆز مانای ئەوەیە کەئەوانەبوونەتە ئەندامێك لەئەندامانی کڵێسای مەسیحییەکان لەهەموو جیهاندا " 1کۆرنسۆس 12: 12 ـ 13 "
ڕێگای پیرۆز کردن بەڕۆحی پیرۆز
نیشانەی پیرۆز بوونی ئەو خەڵکانە بەڕۆحی پیرۆز، پیرۆزبونیانە بەئاوو " حاڵەتی کالێکراو، " مەرقۆس 1: 8، pneumatic : G " "حاڵەتی کارلێکراو hudati : G " هەندێك جار باوەڕداران پیرۆز دەکرێن بەئاو "حاڵەتی کارلێکراو، " مەرقۆس 1: 5 حاڵەتی کارلێکراوی شوێن و G:en " ەوە مانای ئەوەنیە کەوا ئەوان لەژێر ئاودانقوم کراون. لەبەر ئەوەی کەواتا ئەوە دەگەیەنێت کە هەردوو فلیپۆس و حەبەشیەکە نقوم کرا لەئاوەکەدا، پیرۆز کردنەکە ڕوویداوە لەژێر ئاوەکەدا پێش ئەوەی جارێکی دیکە نقومی ژێر ئاوەکە بکرێنەوە چ ڕویدا کاتێك هەردووکیان چوونە خوارەوەی ئاوەکە لەئاوەکەدا ڕاوەستان لەکاتێکدا فلیپۆس ئاوی کرد بەسەر حەبەشیەکە وە دووبارە هاتنە دەر لەئاوەکەوە " کردار 8: 38 ـ 39 " هەروەها ئەننانیەکان پۆڵسیان پیرۆزکرد دوای کردنی ئاو بەسەریدا لەماڵەوە. لەکاتێکدا کەوەستابوو هاواری دەکرد بەناوی عیسای مەسیحەوە بەم شێوەیە گوناهەکانی پۆڵس بەشێوەیەکی نیشانەیی شۆرانەوە بەکردنی ئاو بەسەریدا " کردار 22: 16، cf کردار 2: 3، 17، 33، 10: 44 ـ 45، 11: 15 ـ 16، تیتۆس 3: 5 ـ 7 "
مانای پیرۆز کردنی مەسیحی
پیرۆزکردنی مەسیحییەکان نیشانەییەکی دیارە " ڕۆما 4: 11 " کەتێیدا عیسای مەسیح وەکو نوێنەری دەسەڵاتدار مرۆڤایەتی ڕزگار دەکات " ڕۆما 5: 17 ـ 19 " وە لەئنجامی بانگەشەی مەسیحیشدا باوەڕداری تازە بەشداری دەکات لەتەواو گەیاندنی نامەی مەسیح بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی لەئەنجامدا باوەڕدارەکە لەگەڵ مەسیح دەژیت و لەگەڵ مەسیح دەمرێت و لەگەڵ ئەویشدا دەبێت لەپادشایەتی خودا "ڕۆما 6: 3 ـ 5، ئەفەسۆس 2: 4 ـ 7 " بەشدار دەبێت لەزیندوو بونەوەی جەستەکاندا " فلیپی 3: 20 ـ 21 " وەهەرگیز بەنەفرەت ناکەوێت "ڕۆما 8: 1 " لەبەر ئەوەی ژیانێکی هەمیشەیی دەبێت " یۆحەننا 3: 16، 5: 24 "
پیرۆز کردنی مەسیحییەکان سێ شت دەگەیەنێت
1. باوەڕدارەکە شوێنێکی ڕۆحی و شێوازی ژیانێکی ڕۆحی دەبێت بەعیسای مەسیحەوە بەهەستێکی داد پەروەرانەوە بەشدارە لەپیرۆزی و ڕاستگۆی مەسیحدا " 1کۆرنسۆس 1: 30 " ئەوەش هەموو لەڕابردوودا کراوە.
2. باوەڕدارەکە دووبارە لەدایك دەبێتەوە سروشتێکی ڕۆحی نوێ وەردەگرێت " تیتۆس 3: 5 ـ 7 "
3. لەکۆتایدا باوەڕدارەکە وەکو مەسیح وادەبێت بەڕۆح و جەستەدا " 1یۆحەننا 3: 1 ـ 3، فلیپی 3: 20 ـ 21 " ئەمەش پێشبینی داهاتووە
پیرۆزکردنی مەسیحی لەئاودا نیشانەی لێخۆشبوونە لەگوناه و تاوان " کردار 2: 38 " وە سڕینەوەی هەموو خراپەکاریەکەی " کردار 22: 16 " ئەوەش نیشانەی دادپەروەری خودایە پیرۆز کردنی مەسیحی لەئاودا یەکگرتوویی و بەهێز بوونە بەباوك و ڕۆڵەو ڕۆحی پیرۆز کەوەکو یەك خودا دەردەکەوێت بەبێ بوونی سێ شتی جیاواز لەناوەوە " مەتتا 28: 19 " پیرۆز کردنی مەسیحی بەئاو نیشانەی یەکبوونە لەگەڵ مەسیحدا " کردار 2: 38 " وەبەم شێوەیە بەشدار دەبێت لەتەواو کردنی نامەی ڕزگار کردنی مرۆڤ لە ڕابردوو ئێستاو

لەداهاتوودا " ڕۆما 6: 1 ـ 8، ئەفەسۆس 2: 5 ـ 6 " پیرۆزکردنی مەسیحی بەئاو نیشانەی گۆڕانە، گۆڕانی بیرو هۆش نیشانەی گۆڕینی ئاڕاستەیە، نیشانەی گۆڕینی ڕەفتارو هەڵسوکەوت " کردار 2: 38 " نیشانەی سڕینەوەی تاوانەکانە " کردار 3: 19 " وەلابردنی کارە خراپ و دزێوەکان " کردرا 22: 16 " لە " مەتا 28: 19 " دا باسدەکات کەنیشانەی پیرۆزکردنی مەسیحی بەئاو بریتییە لەبەشدار بوون لەوەی کەخودا دەیکات بە " باوك و ڕۆڵەو ڕۆحی پیرۆز " لە جیهاندا لەدروستکردنی قوتابی لەهەموو نەتەوەیەك بێ جیاوازی بەکورتی پیرۆزکردنی مەسیحی بەئاو نیشانەی پیرۆزکردنە بەڕۆح " کردار 10: 47 ـ 48 " ئینجیل زۆر بەڕوونی مانای پیرۆز کردن لەئاودا ڕوون دەکاتەوەو فەرماندەکات بەمەسیحییەکان کە پیرۆز بن لەئاودا، بەڵام ئینجیل شێوازو ڕێگای ئەو جۆرە پیرۆزکردنەمان فێرناکات.

پ- فێریان بکە تاوەکو پەیڕەوی هەموو ئەو فەرمانانە بکەن کە عیسا فەرمانی پێکردوون

دوای ئەوەی کەباوەڕدارێك پیرۆز کرا بەردەوام دەبێت لەگەشەکردن و بوژانەوەو پەیڕەو کردن و زانینی شتی زیاتر لەعیسای مەسیحەوە وەفێربوون بەتەنها بەس نیە، بەڵکو دەبێت باوەڕداران ئەو زانست و زانیاریانە بخەنە بواری کرداریەوەو لەخزمەتی مەسیحییەکاندا بەکاری بهێنن " مەتتا 7: 24 ـ 27 "

3. پەیمانە مەزنەکە " مەتتا 28: 20 "

پەیمانی گەورەو مەزن کەوا دەکات دەسەڵات زیاتر فراوان بێت و ببێتە ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگر، کەواتا ئەوە بەتەنها پەیمان نیە بەڵکو ڕاستیەکی ڕۆشنی تێدایە ئەو ڕاستیەش ئەوەیە کە عیسای مەسیح بەردەوام لەگەڵ قوتابیەکانییەتی هەموو ڕۆژێك هەتا کۆتایی زەمانە, کاتێك عیسا دەڵێت بیرت بێت مانای ئەوە دەگەیەنێت کە سەرنجێکی وردی بدەیە ڕاسپاردەی مەزن لێرەدا ئەرکێکی ئاسان نیە ئەمەش ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرە بۆ هەموو باوەڕدارێك کە پەیڕەوی بکات

ب- ئەزبەرکردن و پێداچوونەوە

1. بنووسە: ئایەتێکی ئینجیل لەسەر کارتێکی بەتاڵ یان لەسەر پشتی دەفتەرەکەت
2. لەبەر بکە: ئایەتی ئینجیل بەباشترین شێوە، قوتابی دروست بکە "مەتا 28: 18 ـ 20"
3. پێداچوونەوە: دابەش بن بۆ دوو دوو وە هەریەکەتان بەئایەتی لەبەرکرای ئەوی دیکە بچێتەوە
4. خوێندنەوەی ئینجیل 70 خولەك

بەرهەمی ڕۆح لە جیهاندا " غەلاتیا 5: 13 ـ 26 "

پێنج هەنگاوەکەی خوێندنەوەی ئینجیل بەکار بهێنە وەهەوڵبدە ئینجیل بەیەکەوە بخوێننەوە " غەلاتیا 5: 13 ـ 26 "

هەنگاوی یەکەم: بخوێنەوە

باهەمووومان بەیەکەوە " غەلاتیا 5: 13 ـ 26 " بخوێننەوە

باهەریەکەمان هەندێك بخوێنێتەوە تاوەکو خوێندنەوەکەی تەواو دەبێت

هەنگاوی دووەم: بدۆزەرەوە پەیڕەو کردن

ڕەچاو بکە: کامە ڕاستیە لەو بەشەدا گرینگە بۆتۆ؟ یان کامە ڕاستیە لەم بەشەدا فێری هەندێك شتی ڕاستیت دەکات؟

تۆمار بکە: ڕاستیەك یان دوو ڕاستی بدۆزەرەوە کەتێیان دەگەیت بیریان لێ بکەوەو بەبیرو ڕای خۆت دووبارە بنووسە لەدەفترەکەتدا.

بەشداری بکە: دوای ئەوەی کەئەندامانی گروپ نزیکەی دوو خولەکیان هەبوو بۆ بیرکردنەوە و نووسین ئێستا بەیەکەوە بەشداری بکەن.

ئەمانەی خوارەوە چەند نموونەیەکن لەئەنجامی ئەو گفتوگۆیەی نێوان ئەو گروپانە بیرتان بێت لەهەموو گروپێکی بچوکدا ئەندامانی گروپ شتی جۆراو جۆر باسدەکەن کەهەندێکیان پێویست نین.

دۆزینەوەی یەکەم: پیشاندان و ئاشکرا کردنی سروشتی تاوانکاری هەبوونی سروشتی گوناهکاری لەشێوەی تاوانکاری فیزیاوی دا دەردەکەوێت وەکو بەدڕەفتاری سێکسی و زیادەڕۆیی لەگوناهی ڕۆحیدا وەکو بت پەرستی و خودا نەناسین وەهەندێك جار لەشێوەی گوناهی کۆمەڵایەتی وەکو ئاواتی خۆپەرستی و ناپەسەندی و گفتوگۆی ڕەق و تورەیی ئامێز
دۆزینەوەی دووەم: پیشاندان و ئاشکرا کردنی هەبوونی ڕۆحی پیرۆز
هەبوونی ڕۆحی پیرۆز لەشێوەی بەرهەمێکدا خۆی دەنوێنێت کەبەدەست دێت بۆ مەسیحییەکان وە پاشان ئەو مەسیحیە سەر بە عیسای مەسیح دەبێت و ڕۆحی پیرۆز لەناو جەستەیدا دەژیت کاتێك مەسیحیت مەسیح لەناو تۆدایەو پاشان مانای وایە کە تۆ پەیرەوی بکەیت و دەبێت لەژێر کۆنتڕۆڵی ڕۆحدا بژیت واتا دەبێت ڕێگا بەڕۆح بدەیت کەپێشڕەویت بکات و وە تۆش بەرهەمی ئەو پێشڕەویە بەدەست دەهێنیت کەواتا تەنها بە هۆی ئەو بەرهەمە کە لەڕۆحی پیرۆزەوە بەدەست دێت دەتوانیت بەرەنگاری سروشتی ئاشکرای گوناهکاری ببیتەوە بەم شێوەیە کارەکانی ڕۆحی پیرۆز لەشێوەی خۆپەرستی خۆشی و ئاشتی چاکەکاریدا دەردەکەوێت وەئەمەش لەشێوەی پەیوەندی کۆمەڵایەتیدا دەردەکەوێت وەکو ئارامی و لەسەرخۆیی و میهرەبانی و چاکەو دڵسۆزی بۆخودا نەرمی نواندن بەرامبەر خەڵکی دیکە وەخۆ کۆنتڕۆڵکردن بەتەواوی واتا زاڵ بوون بەسەر دەروونی خۆتدا
هەنگاوی سێهەم: پرسیار ڕونکردنەوەکان
ڕەچاو بکە: چ پرسیارێك کەدەربارەی هەر شتێك بێت لەو بەشەدا حەزدەکەیت لەگروپەکەت بکەیت؟
باهەموو ڕاستی و وەڵامەکان لە " غەلاتیا 5: 13 ـ 26 " فێربین وەپرسیار بکەین دەربارەی ئەو شتانەی کە هێشتا نایزانین و جێگەی گومانە.
تۆمار بکە: هەوڵبدە پرسیارەکانت بەشێوەی گونجاو دروست بکەیت وە پاشان ئەو پرسیارانە بنووسەوەو تۆماریان بکە لەدەفتەرەکەتدا.
بەشداری بکە: دوای ئەوەی ئەندامانی گروپ نزیکەی دووخولەکیان هەبوو بۆ بیرکردنەوە و با هەریەکەو پرسیاری خۆی بخاتە ڕوو.
گفتوگۆ بکە: پاشان چەند پرسیارێکی کەم هەڵدەبژێرن وە هەوڵبدەن وەڵامیان بدەنەوە بەڕێگای گفتوگۆکردن لەسەریان لەگروپەکەتدا. د
ئەمانەی خوارەوە چەند نموونەیەکن لەو پرسیارانە کە لەوانەیە قوتابیەکان هەیانبێت و وە لەگەڵ هەندێك تێبینی دەربارەی ئەو پرسیارانە.
5: 13 ـ 15: پ1/ ئازادی و ڕاستەقینە چیە؟
سەرنج: ئازادی ڕاستەقینە مانای ئەوە نیە کە تۆ ئازادیت لەئەنجامدانی هەر شتێك کە تۆ حەزت لێ کرد.
زۆر خەڵك لە جیهاندا باوەڕی تەواویان بەئازادی هەیە ئەوان وا دەزانن کە ئازادی تەواو واتا تۆ ئازادی لەهەر شتێك کە ئەنجامی بدەیت و ئارەزووت لێ بێت بەچاك و خراپیەوە وە ئازادی بۆ هەرشتێك لەبەردەمتدا داهاتو بڵێیت وەلای هەندێك کەس بەتایبەتی وا لێکی دەدەنەوە کە ئازادی بۆ ئەوەیە کەدوای هەست و ئارەزووی خۆیان بکەون و کاری بەدڕەفتاری ئەنجام بدەن.
ئازادی ڕاستەقینە واتا تۆ ئازادی بۆ ئەنجامدانی هەر شتێك کەڕاست و دروستە.
بەگوێرەی ئینجیل ئازادی ڕاستەقینە هەرگیز ئەوە ناگەیەنێت کەدوای هەست و ئارەزوو بەدڕەوشتی و تاوانکاری بکەویت بە هۆی ئازادی ڕاستەقینەوە تۆ هەرچی یەك حەزت لێی بێت و ڕاست بێت دەتوانیت ئەنجامی بدەیت ئازادی ڕاستەقینە لە ئینجیلدا واتا ڕەفتارکردن و ژیان لەهەمان ئەو ڕێگایەی کە عیسای مەسیح پەیرەوی لێ کردووە ئازادی ڕاستەقینە لە ئینجیلدا واتا سنوور دیاری کردن و ڕۆیشتن لەسەر کارەکانی عیسای مەسیح و

وەجێبەجێکردنی نیازو مەبەستەکانی لە " یۆحەننا 8: 32 ـ 36 " باسدەکات " 32 ڕاستی دەناسن و ڕاستیش ئازادتان دەکات.) 33 لە وەڵامدا ووتیان: (ئێمە نەوەی ئیبراهیمین، هەرگیز کۆیلەی کەس نەبووین! ئیتر چۆن پێمان دەڵێی: ئێوە ئازاد دەبن؟) 34 عیساش وەڵامی دانەوە: (ڕاستی ڕاستیتان پێدەڵێم: هەر کەسێك گوناه بکات دەبێت بە کۆیلەی گوناه. 35 کۆیلە لە ماڵی گەورەکەیدا تا سەر نامێنێتەوە، بەڵام ڕۆڵە تا سەر تێیدا دەژی. 36 جا گەر ڕۆڵە ئازادیکردن، ئەوا بە ڕاستی ئازاد دەبن. " خودا خەڵکی دروست کردووە بێ بوونی ئەوەی ئەگەری ئەوەی کە ئەوان بەیەکجاری سەر بەخۆ بن و ئازادبن کە هەرچی ئارەزوویان لێ بوو ئەنجامی بدەن هەموو خودی مرۆڤێك سنوردار کراوە بۆ هەرچیەك کەئنجامی دەدات و دەیکات هەرکەسێك بیەوێت لەعیسای مەسیح دووربکەوێتەوە مانای وایە بەسنورێکی شەیتانی و تاوانکاری دەورە دراوە بوون بەندەی گوناه! هەرکەسێك بەندەی گوناهکاری بێت وەپەیڕەی یاساکانی خودا نەکات " ڕۆما 8: 7 ـ 8 " ئەوە باوەڕیان وایە کەهەرشتێکیان کرد ئازادن و بەر بۆ ئارەزووی خۆیان شل دەکەن و بەمەش سروشتێکی شەیتانی پەیڕەو دەکەن و دەبێت ئەوەش بزانن کەلەڕاستیدا ئەوانە ئازاد نین، بەڵکو کۆیلەی شەیتانن. بەپێچەوانەوە هەموو خەڵك ئەوانەی پەیڕەوی عیسای مەسیح دەکەن لەڕاستیدا دوورن لەسروشت و هەندێك تاوانکاری و ئەوانە بەپەیڕەوکارانی مەسیح و زیاتریش بەخێزانی خودا ڕەچاو دەکرێن وە پێیان دەوترێ ڕۆڵەکانی خودا یان کچ و کوڕەکانی خودا ئەمەش مانای بوونی هەستێکی ڕۆحی پاك و لەو کەسانەدا.
ئازادی ڕاستەقینە واتا خزمەتکردنی یەکتری لەخۆشەویستیدا
ڕاسپاردەی گرینگی ئینجیل لەو بارەیەوە ئەوەیە کەدەڵێت " 29 عیسا وەڵامیدایەوە: (یەکەمی هەموو ڕاسپاردەکان ئەمەیە: {گوێ بگرە ئیسرائیل، خوداوەند خودای ئێمە یەك خوداوەندە، 30 جا دەبێ خوداوەند خودات خۆش بوێ بەهەموو دڵ و هەموو گیان و هەموو بیر و هەموو تواناتەوە.} 31 دووەمیش ئەمەیە، {ئەوەی لێت نزیکە وەك خۆت خۆشت بوێ}، ئیتر هیچ ڕاسپاردەیەك نییە مەزنتر لەم دوو ڕاسپاردەیە.) " مەرقۆس 12: 29 ـ 31 " یاسای هەموو پەیامبەران و عیسا لەسەر ئەو دوو ڕاسپاردەیە وەستاوە و سەرچاوەی گرتووە " مەتا 22: 37 ـ 40 " کەوتا لێرەدا لەمەبەستی ئازادی و ڕاستەقینە تێ دەگەین کەلەبنەما سەرەکیەکانی خۆشویستنی خوداو خۆشویستنی حەڵکانی دیکەوە وەکو خۆت. سروشتی خۆشەویستی مەسیحی ئەوەنیە کەهەر تەنها گرینگی بەخۆت بدەیت " 1کۆرنسۆس 13: 5 "، بەڵکو دەبێت گرینگی بەکەسانی دیکە بدەیت و خزمەتی کەسانی دیکە بکەیت.
5: 16: پ2/ دوو پرسیارە گەورەکەی مەسیحی دووبارە لەدایك بۆوە مەسیحی پیرۆزکراو چین؟
سەرنج: هەموو مەسیحیەك بەرپرسە لە ژیانی تاوەکو بەشێویەك بژی کەڕۆحی پیرۆزی لەگەڵدا بێت وەپشت بەعیسای مەسیح ببەستێت ئەوەش مانای وایە کە تۆ فەرمانڕەوایەك و دەسەڵاتدارێکت هەیە هەموو مەسیحیەك بەرپرسە لەوەی کەسروشتی گوناهکاری دەچێنێت و بەرهەمی دەهێنێت " ڕۆما 8: 13 " کەواتا تۆ هەمیشە لەململانێیەکی ڕۆحی بەردەوام دایت
5: 17: پ3/ بۆ چی مەسیحییەکان ئەو ململانێیە ناوەکیە تاقیدەکەنەوە لەناو خۆیاندا؟ جیاوازی نێوان کەسی بەڕەڵلا و کەسێکی پەیڕەوکاری یاساو باوەڕدار.
1. کەسی بەڕەڵلاو داوێن پیس دوای هەست و ئارەزووەکانی خۆی دەکەوێت و هەرچیەك ئارەزووی بکات دوای دەکەوێت و تاقی دەکاتەوە باخراپیش بێت واتا ئەو کەسە گوناه ئەنجام دەدات و بەمەش نایەوێت سەرکەوتن بەسەر شەیتاندا بەدەست بهێنێت.
2. کەسی پەیڕەوکاری یاسا بەئارەزووی خۆی نیە کە خودا پەسەند بکات و هەندێك جار لەململانیەتی بەردەوام دایە لەناو هێزو دەسەڵاتی خۆیدا بۆ پاراستنی یاساو بۆ ئەوەی گوناه ئەنجام نەداتەوە بەڵام سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت بەسەر گوناهدا بەمەش تامی خۆشی و هەستی دڵنیایی ناچێژێت.

3. کەسی باوەڕدار هەوڵی گەورە دەدات بۆ جەنگان لەگەڵ خودی خۆیداو وەهەوڵدەدات کەخودا لەگوناهەکانی پێشوی خۆش بێت و لەناو خۆشی و ئازادیدا دەژیت.
ململانێی ڕۆحی تەنها لەناو مەسیحییەکاندا
هەرکاتێك ڕۆحی پیرۆز ڕەوشت و ڕاسپاردەی ڕۆحی لەناو ناخی ئەوانەدا دروست نەکرد کەلایان وایێت کە ئەو ڕاسپاردەیە مانادارە، ئەو هێشتا ئەو کەسانە لایان پەسەندە کە ئەگەر گوناه بکەن درۆ بکەن فێڵ و دزی کوشتن و هەندێك شتی دیکە ئەنجام بدەن " ڕۆما 2: 14 ـ 15 " وەدەردەکەوێت کە ئەو کەسە هێشتا گیانی خۆپەرستی و بێمنەت بوونی لەخودا تێدا ماوەو شەرم لەخودا ناکات.
بەڵام کاتێك ئەوکەسە پیرۆزکراو ڕۆحی پیرۆز لەناخیدا چەسپا و بوو بە کەسێکی باوەڕدارو ڕاست ئەوا هەر تاوانکاریەك ئەنجام بدات وەکو درۆ دزی و هیتد هەست بەتاوانباری دەکات وە ئەگەر کارێکی کرد کەپێچەوانەی فەرمانەکانی خودا بوو هەست بە شەرمەزاری دەکات.
ململانێی ناو ناخی کە لەنێوان ئارەزوو تاوانکاریە کۆنەکانی و ڕۆحی پیرۆز دایە زێدەتر دەبێت.
سروشتی ململانێی ڕۆحی لەناو ناخدا
ململانێی ڕۆحی پێك دێت لەچەند شتێك لەوانە ئاگادار بوون و لێووردبوونەوە بەرامبەر ئەو شتانەی کەباش نین و تۆش دەتەوێت ئەنجامیان بدەیت وەیان هەندێك جار کاری بەدڕەفتاری ئەنجام دەدەیت کەلەڕاستیدا ناتەوێت ئەو کارە ئەنجام بدەیت " ڕۆما 7: 19 " لەڕاستیدا تۆ گەشاوەیت بەڕۆحی پیرۆز لەناختداو بەڵام هێشتاش ڕۆحێکی قێزەونی تاوانکاری لەناو ناختدا ماوە کە ڕقت لێیەتی و دەتەوێت هەرچی زووە ڕزگارت بێ لێی " ڕۆما 7: 15 ـ 20 " سروشتە کۆنە گوناهکاریەکە وا دەکات کەبتکاتە بەندێك و وە واهەست بکەیت کەبواری هەڵاتن و ڕزگاربونت نیە لە بەدڕەفتاری و کردەوەی خراپ لەڕاستیدا ململانێی ڕۆحی خۆش نیە بەڵام زانینی ئەوەی کەڕۆحی پیرۆز لەناختدایەو چەسپاوە زۆر ئاسودە کارەو جێگەی دڵخۆشیە!
5: 18: پ4/ مانای چیە کەدەڵێیت مەسیحی چیتر لەژێر یاسادانیە کاتێك پێشڕەوی گروپ دەکرێت بە هۆی ڕۆحەوە.
سەرنج: یاسا
یاسای خودا واتا داواکاری ڕاستەقینەی خودا کەهەموو خەڵك لەئاشتی و تەبایی و دادپەروەریدا بژین و وە هەموو کەسێکیش کە سنووری یاسای شکاند سزا بدرێت لەبەر ئەوەی خودا بەڕاستی پیرۆزو ڕاستیە وە داوا دەکات کە هەموو خەڵك شوێن فەرمانەکانی بکەون و یاساکانی جێ بەجێ بکەن وە هەروەها بەڕاستی هەموو سنوور بەزێنێك دەبێت سزا بدرێت! ئەگەر خودا داوای پەیڕەو کردنی یاساکانی خۆی نەکردبایە ئەوە سنوور بەزێنانیشی سزا نەدەدران وەچیتر پیرۆزو ڕاست نەدەبوو. ئینجیل دەڵێت " 10 هەموو ئەوانەی پشت بەکرداری شەریعەت دەبەستن، لەژێر نەفرەت دان، چونکە لەکتێبی پیرۆز نووسراوە: ""نەفرەت لێکراوە ئەوەی لەسەر هەموو نووسراوەکانی شەریعەت ناچەسپێتو پەیڕەویان ناکات."" غەلاتیا 3: 10 " هەروەها ئینجیل دەڵێت " 10 ئەوەی بەهەموو ڕاسپاردەکانی شەریعەت کار بکات، بەڵام تەنها یەك ڕاسپاردەیان بشکێنێت بەوە هەڵەی لە هەمووداا کردووە، " یاقوب 2: 10 " چونکە ئەو کەسە یاسای شکاندووەو بێ فەرمانی خوداو هەمووشتە پیرۆزەکانی کردووە.
هەموو خەڵکێکی ئایینی بەشێوەیەکی یاسایی لەژێر یاسادان
خەڵك لەزۆربەی ئاینەکاندا باوەڕیان وایە خودا جیاوازی دەکات لە نێوان کاری خراپ و چاکەدا لەدوایدا لە ڕۆژی سزاداندا سزایان دەدرێت لەسەر ئەو کارە خراپانەو وە ئەوەی کە چاکەشی کردبێ پاداشتی دەدرێتەوە ئەو خەڵکە ئایینیە باوەڕی وایە کە ئەگەر ئەوان کاری باشتریان کردبێ بەرامبەر بەکاری خراپە لەوانەیە خودا لێی خۆش بوێت لەڕۆژی لێپرسینەوە لێ بوردەبێ بەرامبەری وە لە بەهەشتدا شوێنێکیان پێ دەدات، ڕۆژانە چەندین جار نوێژ دەکەن دەپاڕێنەوەو ڕۆژوو دەگرن و وە گوێ بۆ سرودە ئایینیەکان دەگرن سەردانی شوێنە

پیرۆزەکان دەکەن وەکو چۆن بۆ مەککە و بۆ حەج یەردانیکردنی ماڵی پیرۆز " بیت مقدس " بەزمانی خۆیان
بەشێوەیەکی یاسایی چیتر مەسیحییەکان لەژێر یاسادا نین
خۆشەویستی خودا بەرامبەرە لەگەڵ داواکاریەکانی خودا بۆ ڕاستگۆیی و ئەنجامدانی کاری چاکە ـ لەبەر ئەوەی خودا بەتەنها هەر پیرۆزو ڕاستگۆنیە، بەڵکو خودا هەموو ئەوانەشی خۆشدەوێت کە کاری چاکە ئەنجام دەدەن ـ خودا هەمیشە ئەوانەشی خۆشدەوێت کەبەپێی فەرمانەکانی عیسای مەسیح دڕۆن وەدەبێت ئەوەش بزانن کەتەنها عیسای مەسیح بێ گوناە بووە لەسەر ئەو زەویە " عیبرانیەکان 4: 11 " وە هەموو کەسێکی دیکە گوناە دەکات بەڵام مەرج ئەوەیە دووبارەی نەکاتەوەو داوای لێخۆشبوون بکات لەبەر ئەوە دەبێت هەوڵبدەین کەباوەڕداری ڕاستەقینە بین و لەشوێنی ئەوانیش بمرین " 2کۆرنسۆس 5: 12 " خودا بە هۆی عیسای مەسیحەوە باوەڕداران دەپارێزێ لەوشتانەی کەوا ئەوان ناتوانن خۆیانی لێ لابدەن " کردار 13: 39 " هەرکەسێك کەباوەڕی بەعیسای مەسیح هەبێت، دەزانێت کەپێویستی بەکەسێك هەیە کە ڕزگاری بکات کەسێك پەیڕەوی هەموو یاساکانی خودای کردووە، کەسێك کە باجی هەموو ئەو تاوان و سنوور بەزاندنانەی داوە کە ئەوان کردویانەو دەیکەن کە ئەوەش عیسای مەسیح " مەتا 5: 17 " عیسای مەسیح باوەڕدارانی پاراستووە لەسزای یاسای خودا ئەویش لە ڕێگای لەخاچدانی خۆی " غەلاتیا 3: 13 "! عیسای مەسیح وادەکات کە باوەڕداران بپارێزرێن لەسروشتی گوناە کاری کە وادەکات خەڵك ببێتە کۆیلەی گوناە " ڕۆما 6: 6 " عیسای مەسیح باوەڕدارانی پاراستووە لە ژیانێکی جێگیرداو دوور لەتاوان " 1کۆرنسۆس 10: 13 "! باوەڕدران بەعیسای مەسیح چیتر هەوڵنادەن بۆ ئەوەی بپارێزرێن بە هۆی پاراستنی یاساوە باوەڕداران بەعیسای مەسیح باوەڕیان وایە کە عیسای مەسیح خۆی لە جیاتی ئەوان ئەو باجەی داوەو لەجێگەی ئەوان ژیاوە عیسای مەسیح مردووە وەکو سزایەك بۆ تاوانەکان وە عیسای مەسیح زیندوو بۆوە بۆ هەتاهەتایە وەکو گرەنتیەك وایە بۆ باوەڕدارانی دیکە.
پێش ئەوەی خەڵك ببنە مەسیحی ئەوان هێشتا لەژێر یاسادان بەڵام دوای ئەوەی بوونە مەسیحی لەڕووی یاساییەوە ئەوان چیتر لەژێر یاسادانین ئەمە مانای وایە کە مەسیحییەکان چیتر هەوڵی ئەوە نادەن تاوەکو " بەخشرێن " و بپارێزرێن بەپەیڕەوی کردنی یاساکانی خودا، لەبەر ئەوەی عیسای مەسیح پێشتر ئەو شتانەی لە جیاتی ئەوان کردووە ئێستا ڕۆحی پیرۆز کۆنترۆڵکارو فەرمانڕەوای ژیانە لەناو ئەو کەسانەدا " غەلاتیا 5: 18 "
مەسیحییەکان هێشتا پەیڕەوی یاسا دەکەن
ڕاستی ئەوەی کە مەسیحییەکان چیتر " ناپارێزرێن و نابەخشرێن " بە هۆی پەیڕەو کردنی یاساکانەوە، مانای ئەوەنیە کەچیتر مەسیحییەکان ئاگاداری ئەو یاسایانە نەبن کە خودا دایناون، بەڵکو دووبارە لەدایك بونەوەو پیرۆز بوون و پەیڕەو کردنی یاساکانی خودایە " دە فەرمانەکە " مەرقۆس 12: 29 ـ 31، ڕۆما 13: 8 ـ 10، غەلاتیا 5: 14 " جیوازیەکەی ئەوەیە کە یاساکە چیتر مانای ئەوەی نیە کە ئەوان " لێیان دەبورێت "، بەڵکو مانای ئەوەیە کە وەك ڕێبەرێك " قیبلە نما، نەخشە، ڕووناکی" وایە بۆ ژیانی لێخۆشبوون و پاراستن!
5: 19 ـ 21 پ5/: ئەو نیشانە ڕوونانە چین کە ئەو ڕاستیە پیشان دەدەن کەهێشتا سروشتی گوناهکاری کۆنترۆڵی تۆ دەکات؟
سەرنج: ئەوانەی خوارەوە چەند نیشانەیەکن لەسروشتی گوناهکاری بێ ئەوەی کە ڕۆحی پیرۆز دژی بوەستێتەوە.
ئەو ڕەفتارانەی پەیوەندیان بەسێکسەوە هەیە
بەدڕەوشتی سێکسی: ئەو دەستەواژەیە مانای هەموو ئەو بیرو کردراو وشانە دەگرێتەوە کە پەیوەندیان بەسێکسەوە هەیە پێش مارەکردن وە لە دەرەوەی یاسادا واتا پەیوەندی نایاسای لەسەر مارەیی وە بەتایبەت ئاماژە دەکات بۆ پەیوەندی سێکسی نایاسایی وەکو داوێن پیسی " 1کۆرنسۆس 5: 1، 6: 13، 18، 7: 2 " لەبت پەرستیدا بەد ڕەفتاری

سێکسی بەشێوەیەکی زۆر نزیك پەیوەندی بەبەد ڕەفتاری ڕۆحیەوە هەبوو وەکو بت پەرستی " کۆلۆسی 3: 5 "
ناپاکی: ئەم دەستەواژەیەش پەیوەندی بەهەموو شتە خراپەکانی وەکو وێنەی سێکسی و سێکسی ناسروشتی و خەیاڵی سێکسی و وتەی پێش سێکس و چاو باشقاڵی کردن " 1سالۆنیکی 4: 7 "
بەڕەڵلایی: ئەم دەستەواژەیەش پەیوەندی بەهەموو لادان و زیادەڕەوی سێکسی و نێربازی و داوێن پیسی خێزانی و جووت بوونی دڕندانەو جووت بوون لەگەڵ ئاژەڵداو هەروەها سۆزانیەتی ئافرەتەخراپەکان و " لێڤیەکان 18: 6، 20، 22، 23، 20: 10، 13، 15، 17، ئەفەسۆس 4: 19، 2پەترۆس 2: 7 "
ئەو ڕەفتارانەی پەیوەندیان بە خودا دروسترکراو ئەفسانەکانەوە هەیە
بت پەرستی: ئەم دەستەواژەیە واتا پەرستنی وێنەو شتی دروست کراو داهێنراو وەجێبەجێکردنی هەموو ئەوکارانەی کەپەیوەندیان بەبت پەرستیەوە هەیە وەکو خواردنی ئەو گۆشتەی کەبۆ بتەکان دادەنرا لەکاتێکدا کەویژدان و یاسا ئەوە قەدەغە دەکات هەروەها ئەنجامدانی کاری سێکسی لەپەرستگاکانداو ئەنجامدانی کاری دانص بەڕوتی. بەم شێویە ئەم جۆرە پەرستشە لەلایەن هەر کەسێکەوە داهاتبێت مانای بت پەرستی دەگەیەنێت وە هەرکەسێ پێی ڕازی بێ ئەو کەسە وا بیردەکاتەوەو دەرونو جەزستەی خۆی کردۆتە خوای خۆی و هیچ خودایەکی نیە.
جادوکەریەتی: ئەم دەستواژەیە واتا هەموو ئەو کردارە جادوکەریانەی کە دەکرێن کەتێیدا چەند دەسەڵاتێکی نادیارو بێ سنوور بەرهەم دێت کە هەندێك جار لەشێوەی نوشتەو نوسراوی تایبەتدا بەجەستەوە هەڵدەواسرێن و هەندێك جاریش لەشێوەی کتێبی جۆراو جۆر دەنوسرێن و لەسەر دیوارو شوێنی تایبەت دادەنرێن و یان لەبۆنەی تایبەتیدا دەخوێنرێنەوە " دەرچوون 7:11 " وە هەندێك جار لەشێوەی ئەستێرەی بەخت" ئیشایا 47: 9 " و پڕاو بوون بە سیحر لە جیاتی خودا " بینین 9: 21، 21: 8، کردار 8: 9، 13: 8، 19: 13 ـ 19 " ئەمەش شێوەیەکە لەبت پەرستی. ئەو بەدڕەفتارییانەی پەیوەندیان بەڕق و کینەو دووبەرەکیەوە هەیە.
ناحەزی و ڕق و کینە: ئەم دەستەواژەیە لەبنەڕەتدا واتا دوژمنایەتی و نەیاری یەکتری " ئەفەسۆس 2: 16"
ناکۆکی: ئەم دەستەواژەیە دەمەقاڵێ و دووبەرەکی " تیتۆس 3: 9، 1تیمۆساوس 6: 4"
دڵ پیسی: ئەم دەستەواژەیە واتا کەسێك بەخیل و دڵ پیسە بەرامبەر بەکەسێك یان کارێکی تر، یان کاتێك باسی شتێکی دیکە دەکرێت ئەو بەدوژمنکارانەوە دژی دەوەستێتەوەو پێی ناخۆشە کە خاڵی پۆزەتیف لەو یان لەو شتەدا هەبێت، بەخیل هەمیشە تەنها پاڵەوانی خۆیەتی.
تورەیی: ئەم دەستەواژەیە واتا تەقینەوە لەتورەییداو خۆ توورەکردن و دەرچوونی قسەی ناشیرین لەدەمەوە، کاتێك ڕوودەدات کە کەسێك لەشتەکان تێنەگات و ڕاستەوخۆ هەڵدەچێت.
ئاواتی خۆپەرستی: ئەم دەستەواژەیە واتا لەخۆڕازی بوون و خۆپەرستی لەهەر بارێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری دا بێت بەداخەوە هەندێك خەڵك لە کۆمەڵەی باوەڕداران و سەر بەکڵێساشن بەڵام ئەم جۆرە ئاکارانەیان تێدایە و "فلیپی 1: 17، 2: 3" بەداخەوە ئەو خەڵکانە ئەو جۆرە سیفەتانە هانیان دەدات بۆ نادادپەروەری و هەلپەرستی و هەوڵدان بۆ خۆسەپاندن و زیادکردنی دەنگ بۆ خودی خۆی و بیرچوونەوەی بەرژەوەندی گشتی.
جیاوازی بیرو ڕاو دابران لەیەکتری: ئەم جۆرە دەستەواژەیە واتای دابەشبوون و دژیەکی دەگەیەنێ کە تێیدا خەڵك دژی یەکتری قسە دەکەن و یەکتریان خۆش ناوێت، بەمەش لەیەکتری دوور دەکەونەوەو گیانی هاوکاری و برایەتی نامێنێت، بەمەش ڕەفتاری پێچەوانەی

ئینجیل دەکەن. "ڕۆما 16: 17" دەستەگەرێتی و حزب حزبێنە: واتا بوونی دەستە گەرێتی و تاقمەچێتی و فێرکردنی چەند بیروباوەڕێکی هەڵەو چەوت "1کۆرۆنسۆس 11: 18 ـ 19".
بەخیلی: لەکاتێکدا دڵ پیسی واتا ترسان لەلەدەستدانی هەموو ئەو شتانەی کە هەتە بەخیلی واتا پێ ناخۆش بوونی هەموو شتێك کە بەرامبەرەکەت هەیەتی، هەروەکو بەخیلی بوو کە بووە هۆی کوشتنی (هابیل) یان فریدانی یوسف بۆ ناو بیرەکە یان یاخی بوونی (گۆراه) دژی پاشا (شائول).
"ئەو بەد ڕەفتارییانەی پەیوەندیان بەخواردنەوە وە هەیە "
سەرخۆشی: ئینجیل لەچەند جێگایەکدا باسی کحول (مشروب)مان بۆ دەکات و بەتاوانی دەزانێت بۆ هەرکەسێك کە بیخواتەوە تەنانەت بۆ نەخۆشیش، قەدەغەکردنی هەموو ئەو شتانە مانای تایبەتی هەیەو لەخۆوە ناکرێت چونکە ئەمانە هەمووی دەبێتە هۆی تێکدانی کۆمەڵگا.
بەد ڕەفتاری و ئاهەنگ گێران: ئەمەش واتا خواردنەوەی زۆرو ئەنجامدانی کاری سێکسی بەکۆمەڵی نایاسایی و پاشان زەماوەندو ئاهەنگ گێران. لە بنچینەدا ئەمە هەڵەیەکی کوشندەی گەورەیە کە هەندێك جار لەشەقامەکان و لەشوێنە گشتییەکاندا ئەو بەد ڕەفتارییانە دەکرێن و خواردنەوەی نایاسایی زۆر دەخورێتەوەو وە پاشان ناوی (باشوس) یان (دایۆنیوس) کە خودای شەڕابە بەلای ئەوان، دەبەن و بە خودای خۆیانی دەزانن و بەم شێوەیە گۆشت و شەرابێکی زۆر دەخۆن و ئاژاوە و ئاشوب دەنێنەوە. زۆر مەسیحی تازە لەسەر هەندێك لەو نەریتانەی وەکو ڤیستیڤاڵی بتەکان و شەڕاب و ئاژاوە ڕادێن و ئەو کارە قێزەونانە دەکەن پێش ئەوەی ببنە باوەڕدار.
ئاگادار کردنەوەیەکی جددی و بەپەلە:
پۆڵس ئاگادارمان دەکاتەوە کە ئەو خەڵکانە کە بەشێوەی ئەوانە دەژین کە باسمان کردن وە لەکاری خراپ ڕاناوەستن، هەرگیز عەرشی خودا نابینن و ناچنە ناو پادشاهێتی خوداوە ئەگەر داوای لێخۆش بوون نەکەن. هەندێك جار دەڵێن (لێمان گەڕێن با ئەو کارانە بکەین چونکە ئەنجامی باشیان هەیە بۆ ئێمە) (ڕۆما 3: 8، 6: 1) ئەمەش بەراستی لەدرۆیەکی گەورە بەولاوە هیچی دیکە نییە، ئەبێت ئەوە بزانن کە هیچ کەس بەئەنجامدانی ئەو کارانە خودا لە خۆی ڕازی ناکات و عەرشی خودا نابینێت. کەواتە دەبێت باوەڕداری تازە خوداحافزی لە هەموو ئەو کارە خراپانە بکات و واز لە دونیای تاریکی بهێنێت و ئەگەرنا دەیسەلمێنێت کە ئەو هێشتا نەهاتووەتە ناو دونیای پڕ ڕووناکییەوە (1 کۆرۆنسۆس 6: 11، ئەفەسۆس 5: 7 ـ 12).
5: 22 ــ 23: پ6 / ئەو نیشانە ڕوون و ئاشکرایانە چین دەربارەی ئەو ڕاستییەی کە دەڵێت ڕۆحی پیرۆز کۆنترۆڵی تۆ دەکات؟
سەرنج: ئەمانەی خوارەوە چەند نیشانەیەکن لە ژیانی تازە کە بە هۆی ڕۆحی پیرۆزەوە کۆنترۆڵ کراوە:
تایبەتمەندییە ڕۆحییەکان
خۆشەویستی: ئەمە یەکێکە لە گرنگترین تایبەتمەندیەکانی مەسیحیەکان، ئەوە ئەو خۆشەویستییە نییە کە ژن و پیاو بەرامبەر بەیەکتری هەیانە، هەروەها ئەو هۆگرییەش نییە کە باوان بۆ منداڵەکانیان هەیانە، هەروەها ئەو هاوڕێیەتیەش نییە کە لەنێوان دوو هاوڕێدا هەیە، بەڵکو ئەو خۆشەویستیەیە کە خودا بە هۆی مەسیحەوە بۆ باوەڕدارانی هەیە بەتایبەت (ڕۆما 8: 39) وە ئەو خۆشەویستیەی کە باوەڕداران بە هۆی مەسیحەوە بۆ خودا هەیانە وە لە نێوان خۆیاندا هەیە، تایبەتمەندیەکانی ئەو جۆرە خۆشەویستیە لە (1 کۆرۆنسۆس 13: 1 ـ 8) دا باسی کراوە (سەیری نامیلکەی 2 وانەی 14) بکە.
خۆشی: ئەمە واتا دەربڕینی خۆشی و شادی باوەڕداران دەگەشێنێتەوەو دڵخۆش دەبن بە جێ بەجێ کردنی فەرمانەکانی خودا (زەبوورەکان 119: 35) و لەبەر ئەوەی خودا هەموو شتەکانیان بە باشی بۆ دەگونجێنێ لە ژیانیاندا بەیەکەوە (ڕۆما 8: 28).

ئاشتی: لەلایەك ئەم ووشەیە واتا بوونی خۆش گوزەرانی و سەلامەتی وونبونی ئاژاوەو شەرەنگێزی و تورەیی، وە لەلایەکی ترەوە، ئەم وشەیە واتا بوونی هێزو دەسەڵاتی خودایی بۆ چارەسەرکردنی خەڵك و هەندێك شتی لەناکاو و ڕووداو.
تایبەتمەندی کۆمەڵایەتییەکان
ئارامی: ئەم ووشەیە واتا ئارامبوون و لەسەرخۆ بوون بەرامبەر بەهەموو خەڵکانەی کە ئیزعاجت دەکەن، دژت دەوەستنەوە تووڕەت دەکەن بەم شێوەیە ئارام گرتن ناخۆشە بۆ ماوەیەکی زۆر بەڵام دوایی بەرهەمەکەی خۆش دەبێت کە ئەویش ژیانە لەناو خۆشگوزەرانی داو دوور لەشەڕو ئاژاوە.
میهرەبانی: ئەم ووشەیە واتا نەرمی نواندن و بەزەیی هاتنەوە بەرامبەر خەڵکی و بەتایبەت بەرامبەر ژنان (لۆقا 13: 10 ـ 13)، منداڵان (لۆقا 18: 15 ـ17) و گوناە کاران (لۆقا 22: 34).
باشی: ئەم وشەیە مانای ڕەوشت بەرزی و پلەی نایاب گرتن لەڕوی ڕۆحیەوە (ئەفەسۆس 5: 9، گەلاتیا 5: 22)
چاکەکاری لە سێ پەیوەندیدا
دڵسۆزی: ئەم وشەیە واتا بیروباوەڕی ڕاستودروست، بەڵام لێرەدا بەواتای خۆشەویستی و دڵسۆزی لەبەرامبەر کەسانی تردا.
نەرم و نیانی و بەڕێزی: ئەم وشەیە واتا ڕێزگرتنی بەرامبەرو گوێڕایەڵی بۆ ژێرەکان و نەرمی نواندن بۆ ئەو خەڵکانەی کە ڕێزت ناگرن و هەندێك جار لەدژت دەوەستەوە.
خۆکۆنتڕۆڵکردن: ئەم وشەیە واتا خۆت بەتەواوەتی بەسەر نەفسی خۆتدا زاڵ بیت و کۆنترۆڵی ئارەزووەکانت بکەیت بەتایبەت بەرامبەر بەڕەفتاری سێکسی و هەندێك لایەنی خراپی دیکە.
5: 23پ7 / مەبەست چییە لەوەی کە دەڵێت یاسا نییە لە دژی بەرهەمی ڕۆح؟
سەرنج: دژی تایبەتمەندیە ڕۆحی و کۆمەڵایەتییەکان کە ڕۆحی پیرۆز بە هۆیانەوە کار لە باوەڕداران دەکات یاسا نییە، یاساکان بەشێوەیەکی گشتی قەدەغەی کرداری تایبەت دەکەن.
هەنگاوی چوارەم: داواکردن
ڕەچاو بکە: چ ڕاستییەك لەو بەشەدا وەکو داواکارییەك شیاوو گونجاوە بۆ مەسیحییەکان.
بەشداری بکەو تۆمار بکە: با هەمووومان بەیەکەوە بەشداری بکەین و چەند داواکارییەك تۆمار بکەین لەشێوەی لیستێکدا لە (غەڵاتییە 5: 13 ـ 26)
ڕەچاو بکە: خودا چ داواکارییەکی کەسی لەتۆ دەوێت؟
تۆمار بکە: ئەو داواکارییە کەسیە بنووسە لەدەفتەرەکەتدا، وەسەربەست بە لە بەشداری پێکردنی ئەو داواکارییە کەسییەت لەگەڵ ئەوانی تردا.
(بیرت بێت کە خەڵك لەهەر گروپێکدا چەند ڕاستییەکی جۆراوجۆر دەردەهێنێت و دەیخاتە ڕوو. ئەمەی خوارەوە لیستێکە لەو داواکارییە شیاوانە)
1. نموونەی داواکاری شیاو لە (غەلاتیا5: 13 ـ 26)دا
5: 13: بیرت بێت کە خودا داوای لە تۆ کردووە کە نەبیتە بەندەی گوناەو تاوان، بەڵکو دەبێت سەربەست بیت و خۆشەویستی بچێنیت لە نێوان خۆت و کەسانی تردا.
5: 15: بیرت بێت کە کەم بوون و نەمانی خۆشەویستی تەنها لەو کەسانە دا ڕوودەدات کە هەوڵی شکاندنی یەکتری دەدەن و گیانی هاوکارییان تێدا نییە.
5: 16: تەنها ئەگەر لە ژێر کۆنترۆڵی ڕۆحی پیرۆزدا بژیت ئارەزووی سروشتی تاوانکاری ناکەیت.
5: 17: بیرت بێت کە ڕۆحی پیرۆز هەمیشە دژی نیشانەی سروشتی گوناهکاری و تاوانکاری دەوەستێتەوە!
5: 24: بیرت بێت کەمەسیحی ڕاستەقینە سروشتی تاوانکاری یان لە خاچ داوە بە هەموو ئارەزوو تایبەتمەندییەکانەوە.

2. نموونەی داواکاری تایبەتی
أ. هەرچەند من حەز بەجەنگی نێوان ڕۆحی پیرۆز و سروشتیە تاوانکارییە کۆنەکە ناکەم بەڵام زۆریش دڵخۆشم بەبوونی ڕۆحی پیرۆز لەناو جەستەو ناخی مندا وە گەشبینم بە دووبارە لەدایك بوونەوەم بە هۆی پیرۆزبوونمەوە بە ڕۆحی پیرۆز لەبەر ئەوە دەمەوێت هەنگاو بەهەنگاو بەردەوام بم لەگەڵ ڕۆحی پیرۆزدا.
ب. لەگەڵ ئەوەشدا کە دەبێت هەوڵ بدەم ڕزگارم بێت لەهەموو نیشانەیەکی سروشتی تاوانکاریدا لە ژیانمدا، بەڵام بەگشتی جەخت لەسەر بەرگەگرتنی بەرهەمی ڕۆحی پیرۆز دەکەمەوە بەتایبەت خۆشەویستی بۆ خوداو خەڵکانی دیکە و خودی خۆم.
هەنگاوی پێنجەم:

نزا وەڵام دانەوە
دەبێت هەمووومان بپاڕێینەوە و سوپاسی خودا بکەین لەسەر ئەو ڕاستیانەی کە فێری کردین لە (غەڵاتییە 5: 13 ـ 26) دا
5. نوێژکردن: (8خولەك) هەوڵبدەن لە شێوەی گروپی دوو کەسی و سێکەسیدا نوێژ بکەن و پاشانیش بۆ یەکتری بپارێنەوەو بۆ خەڵکی گشت جیهان.
6. ئامادەکاری بۆ ماڵەوە (2 خولەك)
پێشڕەوی گروپ ئەم ئامادەکارییە بەشێوەی نوسراو یان کۆپی بدەرە دەستی گروپەکەت.
1. سپاردن: هەوڵبدە دروستکردنی قوتابییان پێ بسپێریت وە خوێندنەوەی (غەلاتیا 5: 13 ـ 26)بەیەکەوە
2. تەرخانکردنی کات بۆ خودا: کاتێك تەرخان بکە بۆ خوێندنەوەی نیوەی بەشی 1، 3،2، 4 لە کۆمکار هەموو ڕۆژێ و وەسەرنج تێبینی دروست بکە.
3. ئەزبەرکردن (مەتتا 28: 18 ـ 20) لەگەڵ پێداچوونەوە بە پێنج ئایەتی لەبەرکراوی پێشووتردا.
4. نزا: هەوڵ بدە بۆ کەسێك یان شتێکی دیاریکراو بپاڕێیتەوە (زەبوورەکان 5: 3) ببینە.
5. دەفتەرەکەت نوێ بکەوە کە دووبارەی قوتابی دروستکردن و تێبینی و خوێندنەوەی ئینجیلە.